# گەمەی دەنگدان و ئەڵتەرناتیڤی پرۆلیتێری

هەژێن
hezhean@spymac.com
٢٠٠٤/١١/٠١

ئەورۆکە لە هەر گۆشەیەکی دونیادا، لە سایەی سیستەمی فرەپارتیدا بێ یا لەسایەی سیستەمی تاک پارتیدا، گەر زۆر سادەش سەرنجی کایە و گەمەی دەنگدان بدەین، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ، کە دەنگدان لە سایەی سیستەمی چینایەتیدا جادوگەرییەکی سیاسییە و تەنیا بۆ بەدەستهێنانی دەنگی جەماوەر بۆ بردنەوەی کێبڕکێی پارتەکان لەسەر سەروەرییە و هیچ پەیوەندییەکی بە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کاروباری جەماوەرەوە نییە و هیچ ئاڵوگۆڕێکیش بە قازانجی جەماوەر لەم ڕێگەوە ڕوونادات. گەر کەسانێکیش دژی ئەم واقیعیەتەن با پێمان بڵێن کامە و لە کوێ ؟

پێش ئەوەی بەڵگەی ئەم بۆچوونە بەدەستەوە بدرێ، دەکرێ پرسیارێک ئاراستەی ئەو کەسانە بکەین، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبنە بەشێک لە سازدانی ئەم جادووە سیاسییە و بە ڕادەیەک هیشتا بە گەمەی دەنگدان خۆشباوەڕن؛ گەر دەنگتان بە پارتێک یان بەرەیەکی سیاسی دا و پاش سەرکەوتنی پێچەوانەی بەڵێنەکانی پێش دەنگدان هەنگاوی هاویسشت، چی دەکەن؟ لەوانەیە بڵێن ئەوجار بە پارتێکیتر، باشە کە ئەویش هەروا دەرچوو، چی ؟ هەڵبەت ئەم پرسیارە لە کەسانێکە کە نە دەرکی جیهانیبوونی سیستەمی سەرمایەداری دەکەن و نە دەشتوانن دەرکی ئەوە بکەن، کە ئەوەی دوێنێ لە فلانە ولات ڕویدا، لێرەش هەمان خەڕەک دەبێ. چونکە لە سەراپای ئەزمونی دەنگدانی ناراستەوخۆ - دەنگدان بە پارتی سیاسی لە سیستەمی پارلەمانیدا- و بە درێژایی تەمەنی کۆمەڵگەی چینایەتی دەنگدان لە گەمە و جادووگەرییەکی سیاسی بەولاوەتر نەبووە و ناشبێت.

ئەمە بڕیاردانێکی یەکسەرە نییە و ڕۆژانە لەم وڵات و لەو شارەوانی، لەو پارلەمان و لەو سەرکردایەتیدا ڕوودەدات. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ، بۆچ هێشتا کەسانێک پەیدا دەبن پاش ئەو هەمووە ئەزمونە زۆر و زەبەندەیە، دەچنە پای دەنگدان و خۆیان دەکەنە گێلە ئەکتەری ئەو شانۆگەرییە گاڵتەجارییە و سەروەران دەهێننە قاقای پێکەنین؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش بەندە بە دروستبوونی پرسیار لای دەنگدەران لە سەرەنجامی دەنگدان و دوبارەبوونەوەی ئەو کارەساتە. بۆ ئەوەی ئەو پرسیارەش دروست ببێ، پێویستە هەڵسوڕاوانی سۆشیالیست لەم بوارەدا پەیگیرانە بێنە مەیدان و لەبەرامبەر ئەو گەمە سیاسییەدا ئەڵتەرناتیڤی پرۆلیتێری پێشنیار بکەن.

ئەوەی کە هەڵبژاردن بەگشتی، مافێکی سروشتی بێ چەندوچونی هەر مرۆڤێکە، بڕواناکەم کەس بە ئاشکرا دژی بوەستێتەوە. بەڵام تەنیا ئەوە گرنگ نییە، کە ئەو مافەت هەبێ ، گرنگ پەیبردنە بە چۆنییەتی سودوەرگرتن لەم مافە و توانای بەکارهێنانییەتی لە کاتی پێویستدا. ئەوەمان لەبیر نەچێت وتمان مافێکی سروشتی بێ چەندوچون! با ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە لە سایەی سیستەمە دیموکراتی و نادیموکراتییەکاندا بە مافی هەڵبژاردن ناسراوە بەراورد بکەین، بزانین ئایا لە ڕاستیدا هیچ ئەندامێکی ژێروەر –کەسێک کە فەرمانڕەوایی بەسەردا دەکرێ یا ملکەچی سەروەری کەسانی دیکەیە- مافی ڕاستەقینەی هەڵبژاردنی هەیە. بۆ نمونە گەر دانیشتوانی کوردستان بڕیاریان دا لە عیراق جیابنەوە یا دانیشتوانی شارێک یا گوندێک ویستان سیستەمێکی سۆڤیەتی –شورایی- پێک بهێنن و بەو شێوە بژین کە دەیانەوێ ، چی ڕوودەدات ؟ هەڵبەتە لەمبارەوە نمونەمان گەڵێک زۆرە هەر لەسەردەمی کۆیلایەتییەوە بیگرە تا دەگاتە سەرمایەداری؛ هەر بڕیارێک کە لەبەرژەوەندی سەروەراندا نەبووبێ بە ئاگرو ئاسن وەڵام دراوەتەوە ئیتر هەر لە هەڵبژاردنی شوێنی ژیانەوە بیگرە تا دیاریکردنی چارەنووسی گەل و ولات یا سیستەمێکی نا چینایەتی.

بەمجۆرە دەبینین، هەڵبژاردن بوونی لە ئارادا نییە و ئەوەی کە ڕوودەدات دەنگدانە بەم یا ئەو پارت یا سەرۆک. کاتێک دەتوانین باس لە مافی هەڵبژاردن بکەین، کە ویستمان شێوەی ژیان، سیستەم دیاری بکەین یا فلانە باندی مافیایی و سیخور بەناوی جەماوەرەوە لەسەرەوەمان لادەین، بە باروت وەلامەمان نەدەنەوە، ئەم وەڵامەشمان چەندجارە نەک لەلایەن دەسەڵاتە نا خۆییەکانەوە بەڵکو لەلایەن نوێنەرانی نەتەوەشەوە لە لوولەی چەکەکانیانەوە وەرگرتووە، کاتێک کە ویستمان شەڕی میلیشیاتی پارتەکان ڕاگرین، کاتێک کە ویستمان بەر بە ڕوخانی خانووە قوڕەکانمان بگرین.

لەوانەیە کەسانێک هێشتاکە بڕوبیانوو بۆ ئەمە بدۆزنەوە، لەوانە پرسی نەتەوایەتی. لەوەڵام بەمانە پێش هەموو شت دەڵێین: گەر بڕیارە هەڵبژاردن لەمەر چۆنییەتی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی بێ، ئەوا پێویستە هەموو کەسێکی خاوەنگ دەنگ بچێتە پای یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە، بەڵام وەک بینیمان دەنگدەر ڕۆڵی پشتیوانیکەر دەبینێ لە قوماردا، نەک بڕیاردەر نییە و کارایی لەسەر هیچ بڕیارێکی فەرمی فەرمانڕەواکانیش نییە و دوڕاوی هەل خولێکی دەنگدان هەر دەنگدەرە، هەڵبژاردنی ئەم پارت یا ئەو پارت ، هیچ لە سروشتی سیستەمەکە ناگۆڕێ. چونکە کەس ناتوانێ نوێنەرایەتیت بکات ، گەر بۆ خۆت ئامادەیی ئەو نوێنەرایەتییەت تیا نەبێ، بە واتایەکیتر هیچ مسۆگەرییەک نییە کە نوێنەرێک کە تۆ دەنگی پێدەدەی چ لە سیستەمی پارلەمانی (نوێنەرایەتی ناڕاستەوخۆ ) یا لە سیستەمی سۆڤیەتیدا (نوێنەرایەتی ڕاستەوخۆ) هەڵگری یا پابەندی پەیام و داخوازی تۆ بێت، کاتێک کە تۆ ئامادەیی هاتنە پای بەرگری و پێداگرتن لە خواستەکانی خۆتت تێدا نەبێت. ئەمەش واتە خەبات بۆ سەندنەوەی مافی زەوتکراو و هێنانەدی ژیانی دڵخواستی خۆت. کەواتە سەرەڕای ئەوەی، کە لە سیستەمی پارلەمانیدا مەرجی دارابوونی مافی دەنگدان، ملکەچبوونە بۆ ڕەوایەتی چەوسانەوەی چینایەتی و واوەتر نەچوونە لە سنورەکانی سەروەری چینایەتی، هیچ شتێک بەدەست ناهێنیت، ئەگەر نەچیتە پای خەبات بۆ بەدەستهێنانی، چونکە وەک بینیمان ڕۆڵی تۆ تەنیا دەنگدانە بە درۆیەکی ڕازاوەتر و سەرنجڕاکێشتر لە کێبڕکێیەکی سیاسیدا.

دواجار دەنگدانی تۆ هیچ لە پرسەکان ناگۆڕێ وەک ڕۆژانە لە ئەوروپای لانکەی دیموکراسیدا دەیبینین، ساڵ بۆ ساڵ، دەنگدان بۆ دەنگدان جەماوەری خۆشباوەڕ هەی پارت و کەسایەتی دەگۆڕن، بەڵام هەمیشە یەک سەرەنجامیان دەستگیر دەبێ، ئەویش ئەوەیە مادام سیستەمە هەر هەمان سیستەمە، هەرکەس نوێنەرت بێ، هەمان شت دەکات، کە ئەویتر دژتی کردووە. ئەمەیە کە دانیشتوانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکای لاتین و وڵاتانیتری بەو بڕیارە گەیاندووە، کە بەشداریکردن و نەکردنیان هەر یەکەو ئەوەی کە بەرژەوەندی چینایەتی پارت یا کەسایەتییە سیاسییەکان دەیخوازێ، ئەوە ئەنجام دەدەن، نەک ئەوەی کە تۆ بە نیازییەوە ئەوانت بۆ هەڵبژاردووە. بەمجۆرە دەبینین ڕێژەی بەشداریکردن لە دەنگدانەکاندا بەگشتی لە نێوان ٤٣% - ٥٧% لەسە ئاستی ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە -خوێنەران دەتوانن چاوێک بە سەرەنجامی هەڵبژاردنە پارلەمانی و شارەوانییەکانی وڵاتانی ئەوروپی و پارلەمانی ئەوروپی ئەم ساڵانەی دوایی بگێڕن- . ئەمە ڕاستییەکە و بەرهەمی ئەزمونێکی دورودرێژی خۆشباوەڕیمان بووە بە دەنگدان و هەلبژاردنی ئەم پارت و ئەو سەرۆک لە سایەی سەروەری چینایەتیدا. لەبەرامبەریشدا دەبینین ڕادەی نارەزایەتی و دژ وەستانەوەی نایاسایی لە زیادبووندایە و خەریکە ئەم هێزە لە پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا چەق دەبەستێ.

لەوانەیە هێشتا چەپەکان ڕویان قایم بێ و بڵێن، دەکرێ لە هۆڵەکانی پارلەماندا بە نوێنەرایەتی ئێمە - واتە ئەوان – داخوازیمان بسەپێنین و گوزەرانتان باش بکەین و ژیانتان بەرەو ئاڵوگۆڕ بەرین و...تد، لەوەڵامدا پێویستە لێیان بپرسین، بەڕێزان، دڵسۆزانی ئێمە - خۆتان واتەنی – دەکرێ ئەو دەستکەوتانەمان بۆ بژمێرن کە لە ماوەی سەدەی بیستدا لەناو هۆڵی پارلەمانەکاندا لە بەرژەوەندی ئێمە چەوساوەکان بەدەستتان هێناون، دەتوانن ئاڵوگۆڕێک دیاری بکەن، کە بەبێ ئامادەیی و خەباتی جەماوەری لەسەر دەستی ئێوەو بەسۆزی سەروەران هاتبێتەدی ؟ گەر سەراپای مێژووی مرۆڤایەتی

بگەڕێین، ئاڵوگۆڕێک بەدی ناکەین، کە بەبێ خەبات و بەرهەڵستی ڕوویدابێ، تەنانەت خودی سیستەمی سەرمایەداری بەبێ تێکۆشان سەریهەڵنەداوە، لە کاتێکدا کە بۆرژوازی خوازیاری لەناوبردنی سیستەمی چینایەتی نەبوو ، بەڵکو خوازیاری گۆڕینی شێواز و مۆدێلی چەوسانەوەی چینایەتی بوو! ئەی ئیتر چۆن دەکرێ، پرۆلیتاریا وەک چینی چەوساوەی سیستەمی سەرمایەداری چاوەڕوانییەکی ئاوای لە چەوسێنەرانی خۆی و چاکسازانی سیستەمی سەرمایەداری – چەپەکان- هەبێ ؟!

بەمجۆرە دەبینین، کە هەم چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتییەکان و چەوسانەوە لە هۆڵە پارلەمانییەکاندا نییەو هەم تەنیا بەشداری نەکردنی دەنگدان ناتوانێ بە سەرەنجامی خوازراومان بگەیێنێ. بەڵکو هەر بەو جۆرەی دەبینین، کە گشت ئاڵوگۆڕێکی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی لە مێژوودا پابەندی خەبات و ئامادەیی جەماوەری بووە، بەشداری نەکردن لە دەنگداندا هەنگاوی یەکەمەو هەنگاوی تەواوکەری ئەم هەڵوێست وەرگرتنە، خەباتی جەماوەری لێکهەڵپێکراوی گشت توێژە پرۆلیتێریەکانە، بۆ گۆڕینی سیستەمێک کە سەرچاوەی چەوسانەوە و گشت نەهامەتییەکانمانە. ئەم هەنگاوە تەواوکەرە، بەمانای کودەتا و چەک لەشانکردن نییە بەرەو شاخ، خەبات و وەستانەوە، واتە ئامادەیی بۆ پێداگرتن و لێسەندنەوەی یەکەکە مافە زەوتکراوەکانمان، پرۆسەیەک کە لە ڕەوتی خۆیدا لەگەڵ هەرهەنگاوێدا هوشیارییەکی چینایەتیمان پێدەبەخشێ و دەمانکاتە شۆڕشگێڕێکی بیرکەرەوە و بڕیاردەر، هێزمان پێدەبخشێ و هاوسەنگی هێزمان لەبەرامبەر دوژمنماندا دەگۆڕێ و کۆمەڵگە دەخاتە سەر دوڕیانی سۆشیالیزم یا کۆیلایەتی. ئەم خەباتە پیویستی بە دەستەی هەڵکەوتە و ڕۆشنبیر، پارتی سیاسی و بەشداری سیناریۆی دەنگدان، بە ڕێڕەو ڕابەر نییە، تەنیا پێویستی بە هوشیاری چینایەتی و هەڵسوراوی چالاکانەمانە لە خەباتی ڕۆژانەی جەماوەری توێژە پرۆلیتێرییەکان و چەکداربوونمان بە ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکانمان وەک تاقە چەکی چینایەتی پرۆلیتاریا لەم خەباتەدا.

پێویستە بایکۆتی هەڵبژاردن بکەین و نەچینە پای دەنگدان بەم یا ئەو مشەخۆر، نەک لەبەر ئەوەی کە ئەمانە بە بەڵێن و پاگەندەکانی پێش هەڵبژاردن وەفادار نامێننەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە لابردن و دانانی ئەم پارت لەبری ئەو پارت یا گۆڕینی ئەم سەرۆککۆمار بەو سەرۆک شالیار، هیچ لە واقیعیەتی ژیانی کۆیلەواری ئێمە ناگۆڕێ و ڕێخۆشکەرێش نییە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەی ناچینایەتی وەک توێژێک لە چەپ باسی لێوە دەکەن، بەڵکو لەوە زیاتر دورماندەخاتەوە و وەک لە ئەمریکا و ئەوروپا دەبینین دەبێ چەند سەدە لە بازنەی بۆشی دەنگدان بەمو ئەودا بسوڕێینەوە.

تائێرە باسمان لە هەڵبژاردن وەک مافی سروشتی مرۆڤ و ڕۆڵی دەنگدان لە ئاڵوگۆڕەکاندا بەگشتی کرد، ئەوەی کە ئەم باسەی ئەم ڕۆژانە هێناوەتە گۆڕێ، هەڵبژاردنی بەڵێندراوی ساڵی داهاتووە لە عیراقداو بە چاوەدێری سەرەنێزەی لەشکری ئەمریکا، واتە گاڵتەجاری لەناو گاڵتەجاڕیدا. ئاخر کاتێک کە دەنگدان بەخۆی کارایی پۆزۆتیڤی نەبێت بۆ سەر بەشمەینەتانی کۆمەڵگە لە باری ئاسایی و کۆمەڵگە هەرە دیموکرات و داگیر نەکراوەکاندا، ئیتر چۆن دەکرێ، چاوەڕوانی لە هەڵبژاردن و کارایی دەنگدان لەسایەی دیموکراسی دەم لوولەی چەکە داگیرکەرەکان، بکرێ ؟

تا ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر عیراق، لە باری (ئاسایی)یش تێپەردەکاو لە گاڵتەجاری و جادووی سیاسی واوەترە. پێش ئەوەی قسە لە هەڵبژاردن بکرێت، پێویستە زەمینەسازی دەنگدان و زەمینەسازەکانی بناسین. پێشتر لە سایەی دیکتاتۆردا، دەنگدان زۆرە ملێ بوو و پێویستی بە پاگەندە نەدەکرد و ٩٩% ی دەنگیش بۆ سەرۆکی نەتەوە دانرابوو. ئەمریکا بە بیانووی داگیرکردنی کوێت هات و لە ١٩٩١دا پەلاماری عیراقی داو بەڵێنی دا تا گەلی عیراقیش ئازاد نەکەن، نەگەڕێنەوە. بەڵام کە بینیان کۆنترۆلی ڕاپەڕینی جەماوەریان پێناکرێ، کشانەوە و دەستی دیکتاتۆری تێکشکاویان بەرەڵاکرد، تا ئەو ڕاپەڕینە نەخوزراو کتوپڕە چاوەڕوان نەکراوە تێکبشکێنێ. پاش دەساڵ هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی کودەتای سەربازی لەپاڵ وردوخاشکردنی توانای دانیشتوانی عیراق بە ئابڵۆقەی ئابوری و ناکام مانەوەی ئەم هەوڵەیان، پێداویستییەکانی بازار ئازاد تەنگی پێهەڵچنین و کەوتنەوە لەشکرکێشی

لەژێر نێوی رزگارکردنی عیراق و ڕوخاندنی دیکتاتۆری خۆ کردەیان، چەپگە گوڵی ڕزگارکردنەکەیان، قوتکردنەوەی لێژنەیەکی کاتی لە سەرۆکخێڵ و شاگردەکانی دیکتاتۆر و پاگەندە بۆ هەڵبژاردن بوو. کامە هەڵبژاردن، وەک پێشتر وتمان لە سایەی سیستەمی چینایەتیدا دەنگدان هەیە نەک هەڵبژاردن، هەڵبژاردن واتە ئازادی مرۆڤ، لە دیاریکردنی چارەنوسی لە گشت بوارەکانی ژیاندا. کاتێک کە تەنانەت لە هەرە دیموکراتترین وڵات و بێ داگیرکەریش، ئینجاکە دەبینین، هەڵبژاردن بوونی نییە، کاتێک کە مرۆڤ لیستێک لە پارت یا لیستێک مشەخۆری بۆ دیاری دەکرێ، کە لەنێویاندا باشترینی خراپەکان هەڵبژێرێ، دەکرێ ناوی هەڵبژاردنی لێبنرێ ؟ وتمان لە هەرە دیموکراتترین وڵاتدا، ئەی لە عیراقی داگیرکراوی ژێر چەپۆکی زلهێزێکی جیهانی، کە لە پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە زیاتر لە ٤٥ پەلامار و لەشکرکێشی و شەڕی میلیشیاتیدا ڕاسەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەستی هەبووە، لەسایەی لێژنەیەکی کاتی لە سەرۆکخێڵ و ئاخوند و کۆنەبەعسی ، ئەویش بە پێوانەیەک کە ئامریکای ڕزگارکەر دیاری دەکا و بڕیارە لە چاو خۆ کاندیدکردن و دەنگانە دیارکراوە باوەکانی دونیادا، ئەم بەرتەسکتر و دیاریکراوتر بێت. داگیرکەرانی عیراق ئەوەیان لە نەخشەدایە کە بە دیاریکردنی دوو پارتی سەرەکی کوردان، دوو پارتی میانەڕەوی شیعە و دوو پارتی نەتەوەیی عەرەبی سوننە و دوو پارتی بێلایەن لە ئاستی عیراقدا- بێلایەن بە مانای بێلایەنی چینایەتی نا، بە مانای بێلایەنی لە کورد و شیعە و سوننە، کە لەوانەیە مەبەست لە حشع و پارتێک بێت بۆ مەسیحییەکان – بەرتەسک کرێتەوە. نیشانەکانی ئەمەش هەر لە ئێستاوە دیارن، دوو مانگی ماوە بۆ ڕۆژی دەنگدان، کەچی هێشتا پاگەندەی کاندیدەکان دەستی پێنەکردووە. ئەمە بێجگە لەوەی کە بڕیارە ئاوا بەرتەسکی بکەنەوە، ئەوەش نیشان دەدات، کە سەرەنجامەکان لە پێشەوەڕا دیاریکراون و نەک هەر ئەوەی کە دەنگدان ناکاتە هەڵبژاردن، نەک هەر ئەوەی دەنگدانەکەش وەک ئەوانەی ئەوروپا ناتوانێ ئاڵوگۆڕ لە ژیانی خەڵکدا بکەن، بەڵکو دەنگدانەکەش ساختە دەبێ و تەنیا سیناریۆکەکە بۆ ڕووکەشکردنی ٩٩% ی دیکتاتۆری پێشوو بۆ دیکتاتۆرەکانی ئەوڕۆکە. هەروەک لە ئایاری ١٩٩٢دا بینیمان، جیاواز لەوەی کە خەڵک دەنگ بەکێ دەدات، ئەوە پێداویستییەکانی سیستەمەکەیە دیاری دەکات، کە کێ براوەی کێبڕکێکە بێ. هەر چۆن لە ئایاری ١٩٩٢ دا دەنگەکانی کوردستان بەسەر دوو خێڵدا دابەشکران، ئاواش بەپێی ڕێژەی دانێشتوان و دابینکردنی بەرژەوەندی داگیرکەران، بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکرێن و هەروەک ئێستا و هیچ لە پرسی دەنگدەران ناگۆڕێ. بۆ دەرکەوتنی بێناوەڕۆکی دەنگدانەکان لە سایەی ئەمریکای زلهێزدا، بڕواننە دەنگدانی گشتی لە ئەفگانستان، کە چەند هەفتە لەوەو پێش ئەمجامدرا، بڕواننە سەرەنجامی دەنگدانی پێشووی ئەمریکییەکان لە ساڵی ٢٠٠٠دا، کە پاش چەند مانگ بە دەستێوەردان و ساختەسازی (بوش)ی کوڕ دیاریکرا، ئاخر سەرەنجامی دەنگدانەکان پێچەوانەی قەراردادی کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکان بوو.

ئەمە ناوەڕۆکی ئەو گاڵتەجاڕییە دەبێ، کە بڕیارە لە سایەی دیموکراتی سەر نوکی موشەکە ژێرەکاندا بەڕێخرێ. هەفتەی ئایندە لە هەمباری دیموکراتیدا- وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا- دەنگدانی گشتییە و بڕیارە دانیشتوانی ئەمریکا لەنێوان مرۆڤکوژێکی شەڕی ڤێتنام و بەچکە بوشی (کاوبۆی)دا دەنگ بە خراپ لە خراپتر بدەن و جارێکیتر لە بازنەی بۆشی کۆماری و دیموکراتەکاندا بسوڕنەوە. ئیتر دەبێ جەماوەر لە عیراقدا چی لە داگیرکەر و شاگردەکانی دیکتاتۆر و باندە مرۆڤڕفێن و چەقۆکێشە ئیسلامییەکان، چاوەڕوان بکات، یا دەبێ کوردەکان چ چاوەڕوانییەکیان لە وانە هەبێ کە (غازی یاوەر)یان هەڵبژارد، تاوەکو بڵێ بە ئاگر و ئاسن وەڵامی هەر جیابوونەوەیەک دەدەینەوە.

بەمجۆرە دەبینین، کە دەنگدان هیچ دەردێک چارەسەر ناکات و تەنانەت( الله اکبر) سەر ئاڵاکەی دیکتاتۆریش ناگۆڕێ، چ جای مسۆگەرکردنی ئازادی گشتی و جیای دین و دەوڵەت و یەکسانی ژن و پیاو ... کە ڕۆژانێک پێوەربوون بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی داخراو و کۆمەڵگەی کراوە، کە بە پاگەندە بێ، بڕیارە عیراقی پاش دیکتاتۆر بەو ئاقارەدا بڕوا. بەڵام ئەمە نەک خەیاڵێکی خۆشە بۆ دەنگدەران لە

عیراقدا، بەڵکو لە کۆمەڵگە کراوەکانیشدا دیموکراتەکان، شاگردی کەنیسە و کلیسان و لە سیناتی ئامریکای ڕزگارکەر و دیموکرات بەخشدا، کاپڵانێک هەیە بۆ چاوەدێری، نەکا پارلەمانتارەکان لە ڕێڕەوی کلیسا لابدەن و وەک دەبینین کە جۆرج و بلێیەر باشترین جەنگاوەری خودان.

ئایا بۆ ئێمەی کۆیلە ، ئێمە چەوساوە بێجگە لە بایکۆتی گاڵتەجاری دەنگدان و لەبەرامبەریدا هاتنەمەیدان بۆ خەباتی نەپساوەی جەماوەری و سەپاندنی داخوازی و خۆ بەهێزکردن لە ململانێی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەم دڕندەگەرییەی یاساکانی جەنگەڵ وەک ئەڵتەرناتیف، هیچ بوار و دەربازێکیکەمان لەبەردەمدا هەیە، بێجگە لەوەی بڵێین ( نا بۆ دەنگدان ) بەڵێ بۆ ( ڕێکخراوبوون و خەبات ئازادی و ڕزگاری ) بۆ کۆمەڵگەی بێ چین و چەوسانەوە ؟